# رانیه..

## نەبوونی ماستەرپلان
## پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی پەکخستووە





هیوا قەرەنی قایمقامی قەزای رانیە بۆ ( گوڵان):

# بە دابینکردنی زەوی گرفتی نیشتەجێبوون و بینای فەرمانگەکان چارەسەر دەکرێن


**رانیە یەکێکە لەو قەزا گەورانەی پارێزگای سلێمانی کە لەساڵی ١٨٧٩ بۆتە قەزا، ناحیەکانی چوارقوڕنەو حاجیاواو سەرکەپکان و سەروچاوەو ١٤٦ گوند لەخۆدەگرێت. ژمارەی دانیشتووانی ئەم قەزایە بەپێی داتای راستەقینە نزیکەی ٢٥٠ هەزار کەسەو تادێت ئەم ژمارەیە زیاتر دەبێت. وەکو تیمی گۆڤاری گوڵان سەردانی قەزای رانیەمان کردو لەنزیکەوە ژمارەیەك لە گەڕەکەکانی رانیەمان بەسەرکردەوەو چەندین هاووڵاتیمان دواند، کە هەر یەکەی لە بوارێك لە بوارەکانی خزمەتگوزاریدا گلەیی و گازاندەو داواکاریان هەبوو، خەڵکی ئەو دەڤەرە پێیان وابوو:گەرچی چەند پڕۆژەیەك لەناوچەکە ئەنجامدراوە، بەڵام بەپێی خواست و پێداویستی ئەوان نییە. هەر بۆیە بوونی ئەو کەموکوڕتیانە لەگەڵ بڕیاری بە ئیدارەبوونی رانیە ناگونجێت لەپاشان ئەو گلەیی و داواکاری و رەخنەی هاووڵاتییان و چەند پرسیارێکی دیکەمان رووبەڕووی هیوا قەرەنی قایمقامی قەزای رانیە کردەوە.**

**خراپی و کەمی کارو پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان**

هاووڵاتیانی سەنتەری قەزاکە راشکاوانە داواکاری و ڕەخنەکانی خۆیان لەبارەی خراپی و کەمی کارو پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان بەمجۆرە دەربڕی؛ سەرەتا هیوا ئەحمەد لە گەڕەکی هەوارە بەرزە لە بارەی کێشەی خزمەتگوزارییەکانی ئاماژەی بەوەدا کە بڕیار بوو شەقامێکی ٦٠مەتری بە سنووری گەڕەکەکەیاندا بڕوات و چەندین خانوو و شوێنی بەرکەوێت، هەر بۆیە شەقام و کۆڵانەکانی گەڕەکەکەیان شۆستە و قیرتاویان بۆ نەکراوە، بەڵام ئێستاکە دەڵێن ئەو شەقامە ٦٠مەترییە بۆتە ٢٠مەتری و بەم گۆڕانکارییەش ئەوە هیچ خانوو و شوێنێکی گەڕەکەکەیان بەر شەقامەکە ناکەوێت، بۆیە ئێستاکە بە پێویستی دەزانن پڕۆژە خزمەتگوزییەکانیان بۆ بکەن. هەروەها قادر شێخە ئاماژەی بەوەدا کە هەوارە بەرزە پێشتر گوند بووە، لەپاش ئەوەی کەوتە ناو سنووری شارۆچکەی ڕانیە چەندین کارو پڕۆژەی خزمەتگوزاری بۆ ئەنجام دراوە، بەڵام پڕۆژەکان جگە لەوەی ماوەی زۆریان خایاندووەو کارەکان پچڕپچڕ بووەو ئاوەڕۆیەکەشی باش نییە، چونکە بە بۆری بچووك کراوە و شەقام و کۆڵانەکانیش قیرتاو و کۆنکرێت نەکراون و شۆستەشیان نییە، هەروەها ئەو گۆڕستانەی لە ناو گەڕەکەکەیە و لە ماڵی ئەوانەوە نزیکە پێویستە شورەی بۆ دروست بکرێت. لە گەڕەکی کێوەڕەشیش هاووڵاتی عەبدوڵڵا رەسول گوتی: گەڕەکەکەمان باخچەو پانتایی سەوزی نییە و شەقامەکانی بێ سەروبەرەو قیرتاو نەکراون و ئاومان کەمە دوو ڕۆژ جارێك یەك کاتژمێرمان بۆ دێت، بەتایبەتی ئەو ماڵانەی شوێنەکانیان بەرزە. قوتابییەکی قۆناغی ٩ی بنەڕەتی بەناوی ڕێکەوت پیرۆت وتی: قوتابخانەکەمان دوو دەوامییە و تەختە ڕەشەکانمان بێ کەڵك بوونە و زۆربەی قوتابیان کێشەی قرتاسیەیان هەیە، لەبارەی زبڵوخاشاکیشەوە ئافرەتێك بە ناوی ئامینە مەجید گوتی: شارەوانی زبڵوخاشاکەکە کۆدەکەنەوەو و دەگوازنەوە و هەندێ ڕۆژ دوادەکەون یا هەفتانە دوو جار یا سێ جار دێن، ئەمەش وایکردووە خەڵکەکە زبڵوخاشاکەکەیان فڕێ بدەنە ناو کۆڵان و شوێنی بەتاڵی گەڕەکەکە. لەگەڕەکی ئازادیش لەتیف ئەحمەد ئاماژەی بەوەکرد کەموکوڕیی خزمەتگوزاریی زۆرە بە تایبەتی لە کەمیی ئاوی خواردنەوەو خراپی و قیرتاو یا کۆنکرێت نەکردنی شەقام و کۆڵانەکان و شەقامی ناو بازاڕی سەنتەری قەزاکە پێویستە بەرفرەوان بکرێت ئەوە لایەنی پێوەندار خەمی لێ ناخوات و زۆربەی خەڵکی شارۆچکەکەش کێشەی تاپۆ نەکردنی خانووەکانمان هەیە. حەسەن عەبدوڵڵا لەسەر کێشەو پێویستییە خزمەتگوزاریی گوندەکان گوتی: گوندی سنوورەکە بە شێوەیەکی گشتی کێشەو کەموکوڕی خزمەتگوزاری پەروەردەو تەندروستی و ئاودێری و کشتوکاڵ و ئاویان هەیە و ئەو کەموکوڕیانەش کاریگەریی خراپی لەسەر ژیان و گوزەرانی جووتیارو دانیشتووانەکەی هەیە.







## زیادبوونی کێشەی ئاوی خواردنەوە لە سەنتەری قەزاکە

بەمەبەستی بەدواداچوونی ئەو گرفت و کێشانەو چەند پرسێکی دیکە سەردانی قایمقامیەتی رانیەمان کرد؛ سەرەتا سەبارەت بە فراوانبوونی رانیەو نەبوونی ماستەرپلان قایمقامی قەزاکە روونی کردەوە کە لە دوای راپەڕینەوە بەرفرەوانیەکی زۆری بە خۆوە بینیوە بۆیە ئیدارە بەپێی پێویست ناتوانێت بەکارو پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان هەستێت و شارۆچکەکە لە ڕووی نەخشەدانانەوە کاری بۆ کراوە، بەڵام ماستەرپلانی نییە و بڕیارە لەگەڵ چەند شوێنی دیکە و وەکو ناحیەکانی سەر بە قەزاکە ماستەرپلانیان بۆ دروست بکرێت، بەڵام ئەمەش لە رووی بودجەوە ئەشکالیاتی تێکەوتووە، چونکە ئەو ناحیەو شوێنانەی لەگەڵ قەزاکە بڕیاربوو ئەو پڕۆژەیەیان بۆ بکرێت بودجەی زۆری دەوێت، بۆیە بڕیارە قەزای ڕانیە لەو شوێنانە



جیا بکرێتەوەو ماستەرپلانەکەی بکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە، هەر لەسەرەتای کابینەی ٧دا لەسەردانێکمان بۆ لای بەڕێز وەزیری شارەوانی بەڵێنی پێدراین کە ئەولەویەت بە کارو پڕۆژە خزمەتگوزارییە پێوەندارەکانی وەزارەتی شارەوانی بدرێت، لەم پڕۆژانە بڕیاربوو هەوڵبدرێت بودجەی پێویست بۆ دروستکردنی ماستەرپلانی رانیە دابین بکرێت و ئێستا چاوەڕوانین کە ئەم پڕۆژەیە رابگەیەنرێت بەمەش کۆمەڵێك کێشەو گرفتی شارەکە چارەسەر دەکات بە تایبەتی کێشەو گرفتەکانی ئەو گوندانەی وەکو هەنجیرۆك و سەیداوە و .. چونکە ئەو گوندەکانی دیکەش کە کەوتوونەتە ناو شارەوانیی رانیە نە مامەڵەی گەڕەکیان لەگەڵ دەکرێن نەوەکو گوندیش دادەنرێن، بەتایبەتی لە کارو پڕۆژە خزمەتگوزارییەکاندا و خەڵکی ئەو شوێنانە زۆر گلەییان هەیە و رۆژانە هاتوچۆی قایمقامیەت دەکەن بۆ ئەوەی کارو خزمەتگوزاریی پێویست و سەرەکیەکانیان بۆ جێبەجێ بکەین، لەلایەکی دیکەوە سەنتەری قەزاکە پێویستی بە کوژاندنەوەی زەویی کشتوکاڵی دەوروبەری شارۆچکەکە هەیە، لەمبارەشەوە وەزارەتی کشتوکاڵ و لایەنە پێوەندارەکان زەحمەتییەکی زۆر لەبەردەمی پڕۆسەی کوژاندنەوەی زەوییەکان دادەنێن لەبەر ئەوەی زەویی کشتوکاڵی سنووری قەزای ڕانیە و بیتوێن بەگشتی بە پیت و بەرەکەتە، هەر بۆیە ئێستاش کێشەی زەویی نیشتەجێبوون لە سنووری شارەوانی قەزاکە هەیە و هەر لەبەر نەبوونی رووبەری زەوی کێشەی بینایەی فەرمانگەکانمان هەیە و چەندین فەرمانگەو دامودەزگای حکومی لە خانوو و بینایەی کرێدان و زۆر کەسیش فەرمانی وەرگرتنی زەویی نیشتەجێ بوونیان هەیە و نەمانتوانیوە زەوییان بەسەر دابەش بکەین.

## خراپی و بێسەروبەریی کۆڵان و شەقامەکان

سەبارەت بە خراپی و بێسەروبەریی کۆڵان و شەقامەکانی ناو گەڕەك و سەنتەری شارۆچکەکە قایمقامی رانیە باسی لەوە کرد کە بەگشتی ناو سەنتەرەکە گەڕەکەکان کێشەو کەموکوڕی و گرفتی کۆڵان و شەقامەکانمان هەیە، کە لەلایەکدا شەقامەکانی کۆن و تەسکن و پێویستیان بەبەرفرەوانکردن هەیە و لەلایەکی دیکەوە زیاتر لە ٣٠ گەڕەك لە دوای ساڵی ١٩٩١ دروست بوونە کە کۆڵان و شەقامەکانیان زۆربەیان پێویستیان بە دروستکردنی شۆستە و قیرتاو یا کۆنکرێت کردن هەیە، هەروەها شەقامە سەرەکییەکەی ناو بازاڕ پێویستی بەبەرفراوانکردنە و چەند ساڵە بڕیارە ئەو کارە ئەنجام بدرێت گەرچی وەکو خۆی ماوەتەوە و ماوەی زیاتر لە ١٠ ساڵە بڕیاربوو شەقامێکی ٦٠مەتری بۆ شارۆچکەی رانیە دروست بکرێت و تا ئێستاکە لەمبارەوە هیچ کار نەکراوە.

## شێوازێکی کۆن بۆ کۆکردنەوەو هەڵگرتنی زبڵوخاشاك

سەبارەت بە سیستەم و شێوەی کۆکردنەوەو خۆرزگارکردن لە زبڵوخاشاك لە ناو سەنتەری شارۆچکەی رانیە قایمقامی قەزاکە گوتی کۆکردنەوە و هەڵگرتنی زبڵوخاشاك لە سنووری شارەوانی رانیە لە لایەن تیمەکانی شارەوانییەوە بە شێوازێکی تەقلیدی و کۆن ئەنجام دەدرێت و کارەکانیش باش و بەپێی پێویست نییە بۆیە داوامان کردووە و بڕیاریشە ئەو کارو ئیشە بە کۆمپانیای شارەزاو تایبەتمەند بەمبوارە بدرێت و کارگەیەکی ڕیسایکلینیش لە نزیك سەنگەسەر بۆ زۆنی پشدەرو بیتوێن بەیەکەوە دابنرێت و بۆ کارگەکە لە پارێزگای سلێمانییەوە تەندرەریش ئامادەکراوە کە بە بەڵێندەر بدرێت و ئێستاکە لە شارەوانی کەموکوڕیمان لە کرێکارو ئامێر هەیە، لەکاتێکدا کاری کۆکردنەوەو ڕیسایکلین بە کەرتی تایبەت بدرێت ئەوە ئەرکی سەرشانی شارەوانی سووکتر دەبێت).

## بە تانکەر ئاوی خواردنەوە دابەشدەکرێت

سەبارەت بە نەبوون و کەمی ئاوی خواردنەوە قایمقامی رانیە روونی کردەوە کێشەی کەمیی ئاوی خواردنەوە لە شارۆچکەکە چەندین ساڵە بەردەوامە و بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتە لە ساڵی ٢٠٠٦ دەست کرا بە جێبەجێکردنی پڕۆژەی ئاوی دەربەند بەهۆی خراپیی دیزایینی سەرچاوەی ئاوەکەو چەندین هۆکاری دیکە ئەو پڕۆژە دواکەوت، بۆیە دەتوانین بڵێین ئەو پڕۆژەیە یەکێکە لەو پڕۆژە فاشیلانەی کە لە سنوورەکەدا هەیە و پاش دیزایینکردنەوەو چارەسەرکردنی گرفتەکان ماوەیەکە دەست بەکارکردنی تێدا کراوەتەوە و قۆناغی یەکەمی لە ساڵی ٢٠١١ کەوتۆتە بواری جێبەجێکردنەوە و بەشی دووەمی پڕۆژەکەش کاری راگەیاندنی بۆ کراوە تاوەکو بە بەڵێندەر بدرێت، ئەم پڕۆژەیە تا نزیك خەلەکان دەچێت و قۆناغی سێیەمیش لە ساڵی ٢٠١٣ دەست پێ دەکات تا دەگاتە دوکان و ئێستاکە کێشەیەکی زۆری کەمی ئاوی خواردنەوە لە سەنتەری رانیە هەیە و هەندێ گەڕەك رۆژانە تەنیا یەك یا دوو کاتژمێر ئاویان هەیە و هەندێکی دیکەش بە تانکەر ئاویان بەسەر دابەش دەکەین، رۆژ لە دوای رۆژیش کێشەی ئاوی خواردنەوە لە سەنتەری قەزاکە زیاتر دەبێت،





بۆیە لێرەدا بەپێویستی دەزانم داوا لە حکومەت و لایەنی پێوەندار بکەم کێشەی کەمی ئاوی خواردنەوەکەمان بە پەلە بۆ چارەسەر بکەن.

**نەبوونی پڕۆژەی پێویستی ئاوەڕۆ**

سەبارەت بەکارو پڕۆژەی ئاوەڕۆ لە سەنتەرو گەڕەکەکانی قەزای ڕانیە قایمقامی شارۆچکەکە گوتی: ئاوەڕۆ یەکێکە لە پڕۆژە گرنگەکان بۆ جوانیی شارو و پاراستنی ژینگەو تەندروستیی هاووڵاتیان لەم ڕووەوە کارو پڕۆژەی باش و گونجاو و سەرکەوتوو ئەنجام دراون و ئێستا پڕۆژەیەك لەژێر جێبەجێکردنە و بە تەواوبوونی ئەو پڕۆژەیە دەتوانین بڵێین هەموو گەڕەك و شوێنەکانی ئێستای ناو قەزاکە ئاوەڕۆیان دەبێت و ئاوەڕۆیەکانی لە قەزاکە دەردەچێت بەرەو گوندی بۆسکێن و دەربەند دەڕوات، ئاوی ئاوەڕۆیەکان زیانێکی زۆر و کاریگەری لەسەر پیسبوونی ژینگەو زەوییەکان و ئاوی ژێر زەوی هەیە، بۆیە ئاوەڕۆکانی قەزاکەمان پێویستیان بە دانانی وێستگەیەکی پاڵاوگەو چارەسەرکردن هەیە.

**کێشەی پەروەردەو بینای قوتابخانەکان**

سەبارەت بە کێشەی پەروەردەو بەتایبەتی بینایەی قوتابخانە کە خەڵك و قوتابیان گلەیی و گازاندەیەکی زۆریان لەسەری هەیە قایمقامی قەزاکە ئاماژەی بەوە کرد کە لە ڕووی پەروەردەوە بارودۆخی شاری ڕانیە زۆر خراپە، چونکە بەشی زۆری بینای قوتابخانەکان چوار دەوامی و سێ دەوامین، بەشێکی زۆر کەمی دوو دەوامییە و هیچ پۆلێکی قوتابخانەکان نییە ژمارەی قوتابییانیان لە(٥٠)قوتابی کەمتر بێت، تەنیا بۆ ئەوەی قوتابخانەکانی سەنتەری قەزاکە بکەینە دوو دەوامی ئەوە پێویستمان بە (٨ تا ٩) بینایەی قوتابخانەی ١٨پۆلییە.

**کەرتی تەندروستی و کەموکوڕییەکانی**

سەبارەت بە کەرتی تەندروستی و کەموکوڕییەکانی ئەو بوارە قایمقامی قەزای ڕانیە گوتی: لە بواری تەندروستیشدا زۆر باش نین، چونکە کەموکوڕیمان لە بینایەی نەخۆشخانە هەیە بەتایبەتی نەخۆشخانەی قەرەوێڵەیی، بەڵام لەماوەیەدا دروستکردنی نەخۆشخانەیەکی (٢٩١) قەرەوێڵەییمان بۆ ئیحالەکراو، هاوکات لە ڕووی پزیشکی پسپۆڕو شارەزاو نەشتەرگەری و ئافرەتان و لە دایکبوون و منداڵاندا کەموکوڕی و گرفتمان زۆرە و لە هەموو سنوورەکە تەنیا یەك پزیشکی سڕکردنمان هەیە.

**گوندەکان پڕۆژەی ئاودێرییان نییە**

سەبارەت بە گرنگیدان بەم سنوورە لەڕووی پڕۆژەکانی کشتوکاڵییەوە قایمقامی ڕانیە ئاماژەی بەوەدا کە لەلایەن وەزارەتی کشتوکاڵەوە گرنگی بە سنوورەکە نەدراوە و گوندەکان پڕۆژەی ئاودێرییان نییە، بۆیە جوتیاران لە وشکەساڵیدا زیاتر سوود لە ئاوی بیر وەردەگرن کە بەمەش ئاوێکی زۆری ژێر زەوی بەفیڕۆ دەچێت.

**نەبوون و دانەبەزاندنی دەسەڵاتی ئیداریی و دارایی**

سەبارەت بە هەبوونی دەسەڵات و ئەو دەسەڵاتانەی بۆیان دابەزیووە قایمقامی ڕانیە جەختی کردەوە کە گرفت و کێشەی زۆرمان لە ڕووی نەبوون و دانەبەزاندنی دەسەڵاتەوە هەیە و لە ماوەی ڕابردوودا لیژنەی ناوخۆی پەرلەمان سەردانیان کردین و گفتوگۆمان لەسەر ئەم گرفتە کردو پێمان ڕاگەیاندن کە کەمترین دەسەڵات تا ئێستا بۆمان دابەزیوە و دەستمان لە چەندین کاردا گیراوە، هەروەها دەسەڵاتی داراییمان پێ نەدراوە و یەکەی ژمێریاری لە قایمقامیەت دانەنراوە و بۆ بچووکترین ئیش دەبێت نووسراو بۆ سەرووی خۆمان بەرز بکەینەوەو چاوەڕوانی وەڵامەکەشی بین بە بوون و نەبوون.

**هۆڵی ڕۆشنبیریی ٥ی ئازار بارەگای حزبی تێدایە**

لە کۆتاییدا قایمقامی ڕانیە ڕوونی کردەوە کە لە ڕووی وەرزش و ڕۆشنبیرییەوە کەموکوڕیمان زۆرەو هۆڵێکمان نییە کۆڕو سیمناری تێدا بگێڕین، بۆ ئەو مەبەستە هۆڵی ٥ی ئازارمان هەیە کە لە ساڵانی هەشتاوە دروستکراوەو ئێستا ناوەندی ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی تێدایە، لە کاتی پێویستدا دەبێت مۆڵەت لەوان وەربگرین، هاوکات تا ئەمڕۆ لەم شارە گەورەیە کە ژمارەیەکی زۆر تیپی وەرزشی هەیە یاریگەیەکی چیمەنی دەستکردی ١١ یاریزانی نییە و داواکارین لە حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر گرنگی بە قەزای ڕانیەو سنوورەکەی بدات و کارو پڕۆژەی خزمەتگوزارییەکانی باشتر و زیاتر بۆ بکات و پێویستە بوودجەیەکی تایبەت بۆ ڕانیە تەرخان بکرێت.

**ئەو گوندانەی کەوتوونەتە ناو شارەوانی ڕانیەوە نەمامەڵەی گەڕەکیان لەگەڵدا دەکرێن نەوەك گوندیش دادەنرێن**

**کێشەی زەویی نیشتەجێبوون لە سنووری شارەوانیی قەزاکە هەیە و هەر لەبەر نەبوونی ڕووبەری زەوییە. کە کێشەی بینایەی فەرمانگەکانمان هەیە**

**گوندەکان پڕۆژەی ئاودێریان نییە و لەلایەن وەزارەتی کشتوکاڵیشەوە گرنگی بە سنوورەکە نەدراوە**

**هەندێ گەڕەك ڕۆژانە یەك یا دوو کاتژمێر ئاویان هەیە و هەندێکی دیکەش بە تانکەر ئاویان بەسەر دابەش دەکەین**

**ئاوی ئاوەڕۆیەکانی ڕانیە زیانێکی زۆر و کاریگەری لەسەر پیسبوونی ژینگەو زەوییەکان و ئاوی ژێر زەوی هەیە**